# ئەوە نەوزاد هادی و حکومەتی هەرێم بۆچی قسە ناکەن ؟!

ئازاد کەریم

لەم چەند رۆژانەی رابردوودا ،بابەتێکی فرە گرنگ لە سایتە کوردییەکان بە تایبەت لە کوردستاننێت ی خۆشەویستدا ،ورووژێندرا، بەلاّم بابەتەکە فرە سەرنج راکێش و حەساس بوو، حەساس بوو چونکە پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی خەلّکەوە هەیە ،ئەویش ئەوەیە کورِە ئەنفالچییەکتان کردۆتە ،قایمقامی بنەسلاّوەو، پێشتریش ئەو کورِە ئەنفالچییە بەرێوەبەری ناحیەی دارەتوو بووە.

لە حەقیقەتدا ، کە ئەو نووسینانەی کوردستان نێت م دەخوێندەوە ، لە جێگای خۆم موچرِکم بە هەموو لەشدا دەهات و ، دەموت تۆ بلّێی کاك نەوزاد وای کردبێ، ئەی ئەوە نییە خەلّك دەنگی بۆ دا و هەلّیانبژارد ، ئەی چۆن جاشێك کورِە ئەنفالچییەکی کرد بە قایمقامی بنەسلاّوە؟چۆن کورِە ئەنفالچییەکی کرد بە نوێنەری خۆی ،لە ناوچەیەك کە خەلّکەکەی زۆر تێکۆشەرن و زۆریش قوربانییان داوە، ئاخر قەبرستانەکانی دەشتی هەولێر باشترین شایەتحالّن، ژنە رەشپۆشەکانی دەشتی هەولێر باشترین و زیندووترین نموونەن،ئەی باشە پارێزگاری بەرِێز چۆن ئەمەی بە بندەستدا تێپەرِی و تا ئێستاش لێی بێدەنگە. باشە ئێستا بەرامبەر بە خەلّکی دارەتوو بنەسلاّوە دەلّێ چی؟هەشت ناکەی زولّمێکت لەو خەلّکە کردووە؟باشە کاك نەوزاد ئەگەر بەیانی بچێتە بنەسلاّوەو دارەتوو ، بەرامبەر بەو خەلّکە دەلّێ چیی؟؟؟ کاتێ باسی خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دەکات ؟، نەبەزەفەندی یش لە پشتییەوە دەوەستێو باسی ئەو دەستکەوتانە دەکرێ کە بۆیان داین کراوە، گرنگترینیان دانانی کورِە ئەنفالچییەکە بۆ قایمقامی!! جاران دەیانوت سەیرە لە کۆیە ، ئەمرِۆش عاجباتی ئاخر زەمانەیە لە دەشتی هەولێر !.

دەبێ ئەو سررە لە کوێ بێ کە نەوزاد هادی و حکومەتی هەرێم دەستیان لێی بەر نابێ ، دەبێ قودرەتی ئەو بەچکە ئەنفالچییە لە چیدا بێت .جگە لەو ماستاو چییەتیو کلکە لەقێیەی کە جاران بۆ بەعسیان دەکردو ئێستاش بۆ ئێوە.

ئێمە رازی نابین کوڕە ئەنفالچییەك ببێتە دەمڕاستمان ، هەرگیز نە بە نوێنەری حکومەتی دادەنێین ، نە بە ریش سپی خۆمانی دادەنێین ، ئەو ریشەی چەندین خیانەت و دزی و فرت و فێڵ کردن لە میللەتی لە ژێریا حەشاردراوە . نامانەوێ جارێکی تر جاش و خۆفرۆشەکان بینەوە حاکم بەسەرمانەوە.

یان ئیجرائات وەربگرن و خۆتان خۆشەویست بکەنەوە، یان روونکردنەوەیەك بدەن کە ئاخۆ لەبەرچی دەست لەم جاشە هەڵناگرن .

ئێمە دەزانین کاك نەوزاد هەرگیز ئامادە نابێت بە ئاشکرا دیفاع لە کەسێکی جاش و کوڕە ئەنفالچییەك بکات ، هەر بۆیە بێدەنگی هەڵبژاردووە، بەڵام بێدەنگیش سنووری خۆی هەیە ، هورووەك هەموو شتێك سنووری خۆی هەیە.